# پەڕاوێز:

1. Postula رامانێکی فەلسەفیانەیە کە گریمانەیەک دەخرێتە روو بێ ئـەوەی بتـوانرێ وەک شتێکی بەدیهی ئەوە بسەلمێنرێت (وەرگێری کوردی).

.2 سەیری چاوپێکەوتنەکەی ژولیا کریستیڤیا لەگەڵ دێریـدا، "سـیمۆلۆگی و گرامـاتۆلۆگی" بکـە، کـە کـراوە بـە دانمـارکی و لـە کـەشـکۆڵی/ئـەنتۆلـۆگی *سـتراکچالیزم/Strkturalizm*، Rhodos، لـە سـاڵی 1969دا. لـە ژێـر سـەرپـەرشـتی پیتـەر ماسـین، بڵـاوکراوەتـەوە. بـە خوێندنەوەی ئەو چاوپێکەوتنە بابەتە سەرەکییەکەییە قورسەکەی گرامـاتۆلۆگی ئاسـانتر دەبێتەوە.

3. وشەیەکی گرێکیە، مانای زانین یان بیر کردنەوە دەگەیـەنێت. پلاتـۆن نۆموێنـە" لـەگـەڵ ئیدێکان/بیرۆکەکـان جـودا دەکاتـەوە، کـە مـرۆ تـەنیـا دەتوانێـت لـە رێگـای ئـاوەزەوە زانـاریی بەدەست بهێنێت (و. کوردی).

4. بەشی حەوتەم پێکهاتووە لە دوو وتـار، کـە لـە بنـەڕەتـدا لـە دووتـۆوی ئـەم کتێبـەدا نیـە. سـەرەتا ئـەم دەقـەم لـە سـاڵی 1994 کـرد بـە کـوردی، کـە حـەسـەن عجـە وەریگێـڕاوە بـۆ عارەبی، لە گۆڤاری (مواقف) بڵاو کراوەتەوە. بەڵام لە ساڵی 2001 کە لە بەشـی فەلسـەفە لە زانکۆی Södertörn خوێندکار بووم، هەمان دەق بە زمانی ئینگلیـزی، *Intellectuals and Language, Counter-Memory Practice, cornell University press*, گۆڤـاری *pawer*، ژمارە 49، لەپەڕە 205_ 217، ساڵی 1977، یەکێک بوو لـەو سـەرچاوانـەی کـە بـۆ بـەشـی فەلسـەفەی سیاسـی تەرخانکرا بوو. هاوکات من ئـەم دەقـەم وەک ئـەرکێکـی زانکـۆیی لـە سـەمینارێکدا بـۆ خوێنـدکاران پێشـکەشـکرد. ئـەمـەش هانیـدام دووبـارە ئـەو دەقـە لـەگـەڵ ئینگلیزییەکەی بەراورد بکەمەوە.

5. ئـەم دەقـە خوێندنـەوەیـەکـی فۆکۆیـە بـۆ کتێبـەکـەی ژیـل دولـۆز کـە فـەیلـەسـوفێکی فەرەنسیە و یەکێك بوو لە هاورێیانی فۆکـۆ. دولـۆز کتێبـەی، *شـیزۆفرینیا و سـەرمایـەداری، ئەنتی_ئۆدیپ*، لەگەڵ دەروونناسـی فـەرەنسـی فـیلکس گۆتـاری نووسـیوە. ئـەو کتێبـە لـە رۆژگارێکی جۆشـدارا، لە ژێر کاریگەری راپەڕینی مای 1968. نووسـراوە، کە بـە شـێوەیـەکـی گشـــتی هێــرش دەکاتــە ســەر بــە ســادەکردنــەوەیــەی فرۆیدگــەرایــی،-مارکســـیزم و دەروونشیکاری، کە ئەوکات رەواجییان هەبوو. وەرگێری عارەبی محمد میلاد ئەم دەقەی لە گۆڤاری *العرب والفکر المعاصر*، ژمارە 58 و-59،ساڵی 1988، بڵاوکردۆتەوە. لـە سـەرەتـادا ئـەم

دەقەی مێشێل فۆکۆ، بە فەرەنسـی بڵاونـەکراوەتـەوە، بـەڵکـو وەك پێشـەکیـەك، لـە چاپـە ئەمریکیەکەی کتێبی *سەرمایەداری و شیزۆفرینیا، ئەنتی_ ئۆدیپۆسی* ژیل دولـۆز و فلـیکس گۆتاری دا، بڵاوکرایەوە. پاشان لە دووتۆی کتێبی "ئاخاوتن و نووسینەکان"دا؛ کە بریتییـە لـە کۆمەڵێ وتار و هەڤپەیڤین و پێشـەکی و بەشـداری تر، ساڵی 1989 لە بلاڤـۆکی "گالیمـار" بە فەرەنسـی، دووبارە بڵاوکراوەتەوە. شایەنی باسە لە سـاڵی 1998، ئـەم دەقـەم وەرگێڕا ولە گۆڤاری "بینین"، ژمارە 5 و 6 دا بڵاوکرایەوە، بەڵام لەبەر گرینگی پرسـیارەکان؛ کـە پـێم وایـە بیرۆکـەکـانی ئـەم دەقـە، وەك وریـا کردنـەوەیـەك بـۆ پرسـی رۆنـاکبیری کـوردی و دەسـەڵاتەکـەی، سـووندمە بێـت. بۆیـە دووبـارە ئـەم دەقـەم بـەراورد کـردەوە لـەگـەڵ دوو تەرجەمەیەی تری عەرەبی و هاوکاتیش لەگەڵ ئەو دەقە ئینگلیزییەش بەراوردم کرد،

6. پیـاوێکی کڵێسـە بـوو، لـە سـەدەی حـەڤـدەدا لـە ژنێـف سـەرۆکـی کڵێسـە بـوو، بـە کتێبەکەی "دەروازەیەك بۆ ژیانێکی ئـەمـەکـدار، بـەناوبانگـە. Introduction à la vie dèvote (و.کوردی).

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت | ژ |
|---|---|---|
| أ – ف | پێشەکی | -1 |
| 48 - 25 | بەشی یەکەم<br>دەسەڵات و مەیل<br>بە دوا چوونی شوێن پێی فەلسەفەیەکی راساو<br>(ئالتۆسێر، فۆکۆ، دێریدا، لیۆتار و دولۆز/گۆتاری) | -2 |
| 66 – 49 | بەشی دووەم<br>فەلسەفە و هەڵوەشاندنەوە Dekonstruktion :<br>یەکلاکردنەوەی ژاک دێریدا لەگەڵ مێتافزیکی رۆژئاوا | -3 |
| 93 - 67 | بەشی سێیەم<br>فەلسەفەی کۆچەری و بزاڤەکان<br>ناساندێک سەبارەت بە تێڕوانینی فەلسەفەی دۆلوز | -4 |
| 106 - 95 | بەشی چوارەم<br>نووسین و مەیل<br>رانانێک لە کتێبەکەی دۆلوز و گۆتاری لەسەر کافکا | -5 |
| 126 – 107 | بەشی پێنجەم<br>هونەر، مەیل، ئابووری<br>سەبارەت بە "فەلسەفە-لیبیدۆیانەی لیۆتار | -6 |
| 152 – 127 | بەشی شەشەم<br>خوێندنەوەی بۆدلیار | -7 |
| 166 – 153 | بەشی حەوتەم<br>بەرکۆڵێک لە بەرهەمەکانی فۆکۆ و دۆلوز<br>روناکبیران و دەسەڵات<br>گفتوگۆی نێوان مێشیل فۆکۆ و ژیل دۆلۆز | -8 |
| 173 - 167 | ئەنتی ئۆدیپۆس- Anti Odipos<br>دەروازەیەك بۆ ژیانێکی بێ فاشیزم | -9 |
| 176 - 175 | پەراوێز | -10 |